# تەمەنت لە تەمەنم درێژترە
# جولەکەکان تەمەنیان، لە عەرەبەکان درێژترە

پارێزەر/ زاگرۆس ئاکرەیی

اوەندی تەمەنــی جولەکەکان حەفتاو هەشــت ســاڵە، کەچــی تەمەنــی عەرەبــەکان حەفتــاو چوارســاڵە. کۆمەڵەی پشتگیریکردنی مەدەنیەت لە ئیسرائیل (سـێکوی)، کە رێکخراوێکە یەکیەتیی ئەورووپا هاوکاری دەکات، لە دوا ریپۆرتی خۆی ئاشـکرای کرد، کە یەهودییەکان زیاتر دەژین، بە بەراورد لەگەڵ عەرەبــەکان. ئەمە جگەلەوەی تێکڕایی مردن و هەژاریی جولەکەکان زۆر کەمتــرە لەهــی عەرەبەکانــی ئیسرائیل.

ئــەو ریپۆرتــە ئاماژە بــەوە دەکات، کە هــۆکاری ئەوە دەگەڕێتــەوە، بۆ ئەو جیاکارییەی دەوڵــەت لە پێدانی ئیمتیازات و خزمەتگــوزاری دەیکات، بەرانبــەر عەرەبەکانــی ئــەو وڵاتە، بەبــەراورد لەگەڵ کۆی بەخشــش و خزمەتگوزارییەکانی پێشکێشــکراو بە یەهودییە ئیسرائیلییەکان.

(نەســیم دۆیــک)ی گوتەبێــژی رێکخراوی (ســێکوی) کــە بە عیبری واتــە (دەرفەت)، گوتــی: هەرچەندە حوکومەتــە یەک لــەدوای یەکەکانی ئیسرائیل بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە هاوسەنگیی و یەکسانی لەنێوان نەتەوە جیاوازەکانــی وڵاتەکەیان دەکەن، لێ ئەوەیان تەنیا لــە واری تیۆرییە نەک پراکتیزەیی.

زۆربــەی عەرەبــە ئیسـرائیلییەکان، ئەوانەن کە کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسـرائیل، لــەو وڵاتــە مانــەوە و بەپێچەوانەی ئەو فەلەســتینیانەی کە ســەروەختی ئیعلانکردنەکە، هەڵاتن. نوکە ئەو عەرەبە ئیسرائیلییانە نزیکەی سەدا بیستی هاووڵاتییانی دەوڵەتەکە پێکدەهێنن.

ئەو عەرەبە ئیسرائیلییانە بەپێچەوانەی برا فەلەســتینییەکانیان، پشکدارییان لەو توندوتیژییەی نێوان ئیســرائیل و فەلەســتین نەکردووە، کە ساڵانێکی زۆرە لەو خاکە بەردەوامە، هەرچەندە



زۆربەشــیان سۆزدارن لەگەڵ داواکاری فەلەســتینییەکان بــە دامەزراندنــی دەوڵەتی فەلەستین.

ئەو ریپۆرتە ئاماژەی بەوەش داوە، کە ناوەندی تەمەنی عەرەبە ئیسرائیلییەکان ٧٤,٩ ساڵە لەکاتێکدا ناوەندەتەمەنی یەهودییەکان ٧٨,٤ ســاڵە. هەروەها جیاوازی لە ناوەندەتەمەنی ژنەکانیشیان بــەدی دەکرێت، بــەوەی هی ئافرەتە عەرەبە ئیســرائیلییەکان ٧٨,٥ ساڵە و، هی ژنە یەهودییەکان ٨٢,٤ ساڵە. هەمان ریپۆرت ئەوەی ئاشکرا کردووە، کە تێکڕایی مردنی منداڵە عەرەبەکانی ئیسرائیل ٨,٤ ە بۆ هەر هەزار منداڵ، لێ تێکڕایی مردنی زارۆکە یەهودییەکان ٣,٦ ە.

ریپۆرتەکە ئەوەشی بۆ ئامارەکەی زیاد کردووە، بەوەی تێکڕایی هەژاریی لە نێو کۆمەڵگای عەرەبە ئیسرائیلییەکان زۆر زیاترە لــە یەهودییەکان، بەوەی ٥٠٪ ی عەرەبەکان لەژێــر هێڵی هەژارییدا دەژین، لەکاتێکدا ئــەو رێژەیە لەلای یەهودییەکان ١٢٪ یە.

گوتەبێژەکــەی ئــەو رێکخــراوە، هۆکاری ئەو داتایانەی ســەرەوەی بۆ نادادپەروەریی حوکومەتی ئیسرائیلی گەڕانــدەوە، بــە تەماشــانەکردنی یەکسانانە بۆ هەردوولا.

ســیگناڵێکی تــری پێچەوانــە هەیە، ئەویــش مەســەلەی موڵکیەتــی خانووەکانە، کــە بۆ عەرەبەکان ٩٣٪ یە و بۆ یەهودییــەکان ٧٠٠٪ یە، ئەو گوتەبێژە هۆکارەکەی ئەمەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە خانووەکانی عەرەبەکان لە گەڕەکگەلێکی هــەژار و میللین کە نرخەکانیان هەرزانە.

پێشــبینی دەکرێت لەماوەی داهاتوو، بــۆ تێکەڵکردنی زیاتــری عەرەبەکان لەنێو کۆمەڵگای ئیســرائیلی و پێدانی گرینگی زیاتــر پێیان، کۆنگرەیەک بۆ ئەو مەبەســتە ســاز بکرێت و گەورە بەرپرسان و پسپۆرانی وڵات بەشداری تێدا بکەن.